www.kurdistannet.org
4-7-2006 18:05:37 **بەکاتی ناوەندی ئەوروپا**

ڕاپۆرتیک لەسەر بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لە دەڤەری سلێمانی:

# بنکەی ژین
# وەک دەزگایەکی بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی

ئامادەکردنی: سەردار فەتاح ئەمین




زیندووکردنەوەی دەستنووس و ساغکردنەوەی ئەرشیڤی پەرش و بڵاوی کورد، یەکێک لە خەمە سەرەکیەکانی دوو برای تێکۆشەر و دڵسۆزی ئەم بوارە، هەر لەسەرەتای فامکردنەوە و لاویەتیانەوە بوونەتە مامە خەمەی زیندووکردنەوەی ئەرشیف و دەست نووسی بێنازی کورد ئەوانیش بەڕێزان "مامۆستا ڕەفیق ساڵح ئەحمەد و سدیق ساڵح ئەحمەد"ن .

بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر کار و چالاکیەکانی ئەم بنکەیە، ویستمان لە نزیکەوە بەسەریان بکەینەوە و خوێنەرانی کورد چ لە ناوەوە و چ لە هەندەران بە کار و چالاکیەکانیان ئاشنا بکەین:

بۆ ئەم مەبەستە پێکەوە جووتە برامان دواند و بە پرسیارێکی ساکار لێمان پرسین و پێمان وتن بنکەی ژین بۆ..؟ ئێوە وەک ڕێکخراو لە کەیەوە بیرتان لەم پرۆژەیە کردۆتەوە و لە کەیەوە دەست بە کار بوون..؟

وەڵام: پاش چەندین هەوڵ و کار و پێشکەشکردن و ساغکردنەوەی چەندین کتێب و دەستنووس لەلایەن خۆم و سەدیقی برامەوە، بە هۆی دەزگاکانی پەخش و بڵاوکردنەوەوە، گەلێک گرفتمان دەهاتە ڕێ، بیرمان لەوە کردەوە خۆمان دەزگایەکی تایبەت بەم بوارە دابمەزرێنین، بەڕێز کاک نەوشیروان مستەفا کە خۆشی کەسایەتیەکی سیاسیە و خەمهەڵگری ئەم بوارەی ئێمەیە، چەند جارێک پێشنیاری بۆ کردین، کە پشتمان ئەگرێ ئەگەر دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی تایبەت بە ڕۆژنامەوانی دابمەزرێنین، ئەوە بوو کارتی ڕەزامەندی و بودجەی حکومەتی بۆ ئاسانکردین، بنکە لە مانگی ئابی 2004 بە دواوە دەست بە کار بوو. توانیمان لە 2004/9/8 مۆڵەتی ڕەسمی بنکە لە وەزارەتی ناوخۆ وەر بگرین و بۆ ڕێز لێنانی ئەو هەوڵانەی پیرەمێردی نەمر بە ناوی "بنکەی ژین"ەوە دەزگاکەمان ناو نا.

پ: بێگومان ئێوە لە شێوەی ڕێکخراودا، "بنکەی ژین"تان دامەزراندووە، دەتوانیت پێمان بڵێیت کێن ئەو بەڕێزانەی ناویان لە دەستەی دامەزرێنەردا هاتووە...؟

وەڵام: لە 25 مارتی 2004 دا بانگەوازێک و پاشان پەیڕەوپرۆگرامی "بنکەی ژین" مان بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی بە ناوی ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەرێمی سلێمانی کرد: ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، سدیق ساڵح ئەحمەد، عەبدوڵلا زەنگەنە، فازڵ کەریم (مامۆستا جەعفەر) و عبدالرقیب یوسف.. بنکە، ئەنجومەنێکی لە پێنج ئەندام پێکهاتووی هەیە، سێیان – بە سەرۆک (2) ئەندام دەستەی بەڕێوەبردن پێک ئەهێنن. دووشیان بە ئەندام احتیاط) ئەمێننەوە.

بۆ ئەوەی ڕاکشاوانەتر وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە.

ئەڵێم: هەلومەرجی ڕابردوی کوردستان زیانێکی زۆری لە سامانی بەڵگەنامە و ڕۆژنامەوانیی کوردی داوە. بەوپێیە، بەشێکی دیاری ئەو سامانە دوچاری فەوتان و لەناوچون بوەو، بڕێکی کەمی لێرەولەوێ بە پەرش وبڵاوی و ناڕێک وپێک و ناتەواو ماوەتەوە. وەک حکومەت بایەخی پێ نەداوە و دەزگای تایبەتی بۆ پاراستنی دانەناوە، هۆشیاریی بەڵگەنامەپاراستن و زیندوکردنەوەی ئەم کەلەپورە لەناو ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورددا نەبوە. دەزگا ڕۆشنبیریە کوردیەکانی ئەمڕۆی کوردستان، نەک وەکو پێویست لایان لەم مەیدانە نەکردوەتەوە، بەڵکە هەر بەشدارییەکیان لە ژیاندنەوەیدا بە ئەرکی خۆیان نەزانیوە، لەکاتێکدا ئەم سامانە فەرامۆشکراوە لایەنێکی بەرچاوی ناسنامەی نەتەوەییمان پێک ئەهێنێ.

جا لەوڕووەوە کە ئێمە دەرکمان بە پێویستی هەبونی دەزگایەکی تایبەت بە ڕزگارکردن و بوژاندنەوەی ئەم سامانە کردوەتەوە، ("بنکەی ژین" بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی ڕۆژنامەوانیی کوردی)مان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ڕۆشنبیرییە، بە پشتیوانی هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵسۆزانی کەلەپوری کوردی، دامەزراند. هیوامانە شارەزایان خەمخۆرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بە ڕێنوێنی بەرهەمی شایان کۆمەکی ماددی و مەعنەوی، بەپیر بانگەوازەکەمانەوە بێن، هاوکار و پشتگیرمان بن، تا بە هەوڵی پێکەوەی هەموان بتوانین خزمەتێکی گەلەکەمان بکەین ئەم کەلەپورە گرانبەهایە بژیەنینەوە. چاوەڕوانی هەمو یارمەتی بەدەنگەوەهاتنێک دەکەین لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.

پ: باست لە پەیڕەوپڕۆگرامی تایبەت کرد سەبارەت بەم ڕێکخراوە،ئەتوانیت زیاتر ئاشنامان بکەیت بە "بنکەی ژین"..؟
وەڵام: سەرەتا پرسیت بنکەی ژین بۆ..؟ سامانی بەڵگەنامە و ڕۆژنامەوانیی کوردی، لەبەر هەلومەرجی نالەباری کوردستان نەبوونی ناوەندێک بۆ کۆکردنەوە تێدا پاراستن بووژندنەوەیان، دوچاری فەوتان لەناوچوون بووە، لێرە لەوێ ناڕێکوپێک بە کەموکوڕی پەرش و بڵاوی ماوەتەوە. دامەزراندنی ئەم بنکەیە بۆ ڕزگارکردن و سەرلەنوێ زیندووکردنەوە و خستنەوەبەرچاوی ئەو سامانە و پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە ڕۆشنبیرییە بەپێویست زانرا.
مادەی یەکەمی دەزگاکە بریتییە لە ناوی تەواوی (بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی) و ناوەندی سەرەکیی لە شاری سلێمانییە. بۆی هەیە لق لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و دەرەوەی بکاتەوە.

پ: دەتوانن پێمان بڵێن ئێوە سەر بە چ دەزگا و وەزارەت و ڕێکخراوێکی تری حیزبی و حکومین و کێ کومەک و یارمەتیتان بۆ دابین ئەکات..؟
وەڵام: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت ئەتوانم پشت بە مادەی دووەمی بنکەی ژین ببەستم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەرەتادا سەرچاوەی سەرەکی دارایمان پشت بەستن بوو بە حکومەتی هەرێمی کوردستان– ئیدارەی سلێمانی و بۆ ئایندەش بێگومان ئیدارەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ئەبێت کۆمەکمان بکات و لەگەڵ ئەوەشدا، دەست نانێین بە ڕووی لایەنانی خێرخواز و کەسایەتیەکانی تر کە دەتوانن یارمەتی و

کۆمەکمان بکەن، بەڵام "بنکەی ژین" خاوەنی کەسێتییەکی سەربەخۆیە و مافی موڵکداری و ئاڵوویڵی بە ماڵ و موڵکی خۆیەوە هەیە، بۆ باربووکردنی کارەکانی خۆی بەشێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی ئامانجە دەستنیشانکراوەکانیدا، کار ئەکات.

پ: دەربارەی ئەو ئامانجەکانەی "بنکەی ژین"ی لە پێناودا دامەزراوە، ئەتوانن ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەنێ...؟

وەڵام: بنکە ئەم ئامانجانە بەدی ئەهێنێ:

1- کۆکردنەوەی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە کوردیە کۆنەکان: وێنەگرتنەوە و خستنیانە سەر CD ، پاشانیش لەچاپدان و بڵاو کردنەوەیان بە کتێب بە ساخکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پێویستەوە.

2- کۆکردنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەی کوردی، بە دەنگ و ڕەنگ و نووسینەوە ، بۆ لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەیان.

3- سازکردنی بیبلیۆگرافیای تەواو و جیاجیای ڕۆژنامەوانی و کتێب و دەستنووسی کوردی و لەچاپدانیان بە کتێب.

4 – کۆکردنەوە و ڕێکخستن و هێنانەوە سەر ڕێنووسی نوێی سەرجەمی بەرهەمی پەرش و بڵاوی زانا و نووسەرە گەورەکانی پێشوومان و لەچاپدانەوەیان بە کتێب.

5- وەرگێڕانی سەرچاوە مێژووییە بیانیە هەرە ڕەسەنەکان، ئەوانەی کە پەیوەندییان بە کورد و کوردستان و ناوچەکەوە هەیە، بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی مێژوومان.

6- سوودوەرگرتن لە هەموو هۆکارێک بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرهەم و چالاکیەکانی بنکە، بە چاپەمەنی و ئێزگەو تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە.

پ: حەز دەکەین شێوەی کارکردنی "بنکەی ژین"مان بۆ ڕوون بکەنەوە..؟

وەڵام:شێوەی بەڕێوەبردنی "بنکەی ژین" لە دەستەڵاتی ئەنجومەنێکدایە، ئەم دەسەڵاتانەی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

1- دانانی بەرنامەی کاری بنکە.

2- سەرپەرشتیی چاپەمەنیەکانی بنکە.

3- دامەزراندنی کارمەند و پەسندکردنی دەست لەکارکێشانەوەیان.

4- دیاریکردنی میلاکی بنکەو ئەرکی هەر کارمەندێک.

5 – پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی ساڵانەو دوا حیساب .

6- کڕین و فرۆشتن و ڕەهنکاری لە ماڵ و موڵکی بنکەدا.
7- پەسند کردنی ڕێکەوتننامەکانی بنکە لەگەڵ لایەنەکانی تردا.
8- پەسندکردنی قەرزوەرگرتن و قەرزدان.
9- پێکهاتن یا وازهێنان لە هەقێک یا قەرزێک یا داوایەک یا ڕێککەوتن لەسەر ناوبژییەک، پەیوەندییان بە بنکەوە هەبێ.
10- دەرکردنی ڕێنوێنیی پێویست بۆ هەڵسووڕاندنی کاروبار.
11- دیاریکردنی وادەی کۆبوونەوە.

پ: ئەی کێ بەرپرسیارە لەم ئەنجومەنە چۆن شێوەی بڕیاردان پیادە دەکرێت..؟
وەڵام: بێگومان سەرۆکی ئەنجومەن کە ئەم کارانەی لە ئەستۆ گرتووە بەو ئەرکە هەڵدەستێ:
1- سەرۆکایەتیکردنی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.
2- نوێنەرایەتیکردنی بنکە لای دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمیەکان، کاتی پێویست ئەندامێکی دەستە ئەکاتە وەکیلی خۆی.
3- بەڕێوەبردنی کاروباری بنکە بەپێی بەرنامەی کاری ئەنجومەن.
4- بەجێهێنانی بڕیارەکانی ئەنجومەن.
5- دەرکردنی فەرمانی خەرجی لە سنووری دیاریکراوی ئەنجومەندا.
6- ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەو میلاک و دواحیساب.
7- ئیمزا کردنی نووسراوی ئیداریی بنکە.
8- هەر ئەرکێک دەستە پێی بسپێرێت.
9- ئەتوانێ هەندێ ئەرکی خۆی بە ئەندامانی ئەنجومەن بسپێرێ.
سەرای ئەوەش بنکە، لیژنەیەکی ڕاوێژکاری لە شارەزایانی مەیدانی کاری خۆی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا هەیە، بۆ سوودوەرگرتن لە زانیاری و شارەزاییان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی.

پ: ئەی بنکەی ژین لە چەند بەش پێک هاتووە، چۆن کارەکان هەڵئەسوڕێنن..؟
وەڵام: بنکە لەم بەشانەی لای خوارەوە پێک دێت، بێگومان هەم ئاهەنگی و کارئاسانی لەنێوان هەموو بەشەکاندا هەیە.
1- بەشی بەڕێوەبردن: کارمەندێکی ئیداری یا ئەندامێکی دەستە بەڕێوەی ئەبات.
2- بەشی ژمێریاری: ئەندامێکی دەستە یا ژمێریارێک بەڕێوەی ئەبات.

3- بەشی ئەرشیف: لە کۆکردنەوەو پاراستن و ئەرشیڤسازی بەرهەمەکانی ڕۆژنامەوانی و بەڵگەنامەیی بەرپرسە، کارمەندێکی شارەزا بەڕێوەی ئەبات.
4- بەشی کۆمپیوتەر: دوو کارمەندی شارەزا لە بواری کۆمپیوتەر و سکانکردندا بەڕێوەی ئەبەن.
5- بەشی سەرپەرشتیی چاپەمەنی.
6- بەشی گەنجینە.

پ: سەرەتا پرسیمان سەرچاوەی دارایی بنکە لە کوێوە دێت و کارمەندانی بنکە کێ موچەیان بۆ دابین دەکات، لە دۆخی هەڵوەشاندنەوەی بنکەدا سامان و موڵک و ماڵەکەی کێ بەرپرسە لێی..؟ حەز ئەکەین زیاتر تیشک بخەنە سەر ئەم لایەنە...؟
وەڵام: ئەنجومەن، لیستی میلاکی بنکە و ئەرکی کارمەندان و مووچەی ئەندامان و کارمەندان بە فرمانێک دیاری ئەکات و بۆ سەرچاوەی دارایی بنکەش بریتییە لە:
ا – یارمەتیەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنی بنکە.
ب- بەخشینی ساڵانەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
پ- داهاتی موڵکی ماڵی چاپکراوەکانی.
ت- کۆمەکی ماددی هاوکارانی دەرەوەی بنکە.
د- ژمێریاری بنکە، چاودێری دیوانی چاودێریی دارایی لەسەر ئەبێ.
لە هەلومەرجی هەڵوەشاندنەوەی بنکەشدا، بێگومان بە بڕیاری ئەنجومەن ئەبێ و سامان و موڵک و ماڵی بنکە ئەدرێتە ئەو لایەنە گشتییە، کە ئەنجومەن دەست نیشانی ئەکات.
لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی تەمەنی "بنکەی ژین" دا، توانیویانە 38 بەرهەم ساخ بکەینەوە و بە چاپی بگەیەنن، لێرەدا ئێمە دێین بە گوێرەی پۆلێنکردنی بەرهەمەکان دەستنیشانیان ئەکەین.

یەکەم: بەڵگەنامە

1- کوردستان لە بەڵگەنامەکانی کونسڵی فڕەنسی لە بەغدا ساڵی 1919، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا، ب1، (14،85 × 21سم)، 2004، 172ل.

2– عبدالرقیب یوسف، لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود: تۆمارێکی شارەوانیی سلێمانی 1923–1924، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، (21×33سم)، 2004، 266 ل.

3– کوردستانی عێراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی سەلمان عەلی، ب1، (14،85 × 21سم)، 2005، 214 ل.

4– مختارات من کتاب الموصل وکرکوک فی الوثائق العثمانیه، ترجمه وتعلیق د. ڕ. خلیل علی مراد، (16،5 × 23 سم)، 2005، 325ێ.

5– ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا، لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەر سوڵتانی، (16،5 × 23 سم)، 2005، 462ل.

6– ڕاپۆرتی کارگێڕیی دەڤەری کەرکووک: ماوەی نێوان 1ی کانوونی دووەم تا 31ی کانوونی یەکەمی 1919، لەئینگلیزییەوە وەرگێڕانی سەربەست کەرکووکی، (16،5 × 23سم)، 2006، 180ل.

## دووەم: دەستنووس

1– عبدالرقیب یوسف، تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، (16،5 × 23 سم)، 20005 ، 275ل.

2– شەمعی و محەمەد ئیبراهیم ئەردەلانی، دوو (ذەیل)ی شەرەفنامەی بتلیسی، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی، (14،85 × 21سم)، 2005، 180ل.

## سێیەم: ڕۆژنامەنووسی

1– ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (259–320)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب3، (23×34سم)، 2004، 282ل.

2– ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چ2، (16×23سم)، 2005، 228 ل.

3– ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەی ژیان: ژمارە (321–400)، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، ب4، (23×34سم)، 2005، 358ل.

4- عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕۆژی کورد: گۆڤاری جڤاتی قوتابیانی کورد لە ئەستەمووڵ 1913، (17 ×24سم)، 2005، 420ل.

5- ڕەفیق ساڵح، یادگاری لاوان و دیاری لاوان، لێکۆڵینەوەی سدیق ساڵح، چ2، (16×23سم)، 2005، 228 ل.

چوارەم: کوردناسی

1- بازیل نیکیتین و کوردناسی، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، ب1، (14،85 × 21سم)، 2004، 272ل.

2- ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی زمانی کوردی (دیالێکتی سلێمانی)، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، (14،85 × 21سم)، 2005، 186ل .

3- .گ.ر. درایڤر، درایڤر و کورد: کۆمەڵی پێنج وتار، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی، (14،85 × 21سم)، 2005، 128ل.

4- هانز-لۆکاس کییسێر، ڕاپەڕینی کوردە عەلەویەکانی دێرسیم، لەفەرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، چ2، (14،85 × 21سم)، 2006، 109ل.

5- دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی، کوردستانی پشت قەفقاس: دۆسیەی تاوانەکانی ڕژێمی سۆڤێت بەرامبەر بە کوردی ئەو وڵاتە، پێداچوونەوەو ئامادەکردنی سدیق ساڵح، (16،5 × 23 سم)، 2006، 487ل.

## ***پێنجەم: بیبلۆگرافیا***

1- گ. گرێنڤیل، گ. س. پ. فریمان، ڕۆژژمێرەکانی کۆچی و زایینی، لە فرەنسییەوە وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا، (21×19سم)، 2004، 115ل .

2- الدکتور محمد علی الصویرکی، معجم اعلام الکرد، (21 × 29 سم)، 2006، ل 850 .

3- ڕەزای شەجیعی، کتێبخانەی ڕۆژهەڵات، (14.85×21سم)، چاپخانەی شڤان، 2006 ل. 195

4- ڕەزا شەجیعی، وتارنامە: ئیندێکسی هەردوو گۆڤاری "سروە" و "ئاوێنە"، (16،5 × 23سم)، 2006، 275 ل.

شەشەم: سەرجەمی بەرهەمی پەرش وبڵاوی نووسەرانی مەزنی پێشوومان

1- سدیق ساڵح، سەرجەمی بەرهەمی عەبدولعەزیز یامولکی، ب1، (14،85 × 21سم)، 2005، 183ل .
2- محەمەدئەمین زەکی، تاریخی سلێمانی وه وڵاتی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح، (16،5 × 23 سم)، 2006، ل.
3- توفیق وهبی بک، الاعمال الكامله، الجزء الاول، (16،5 × 23 سم)، 2006، 510 ل.
4- محەممەدی نووری، شەوێک و خەوێک- بستووی ژیان، پێداچوونەوە و ئامادەکردنی سەلاحەددین ئاشتی، (16،5 × 23 سم)، 2006، 306ل.
5- سدیق ساڵح، سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، ب1، (16×23سم)، 2005، 370 ل .
6- الاعمال الكامله للمؤرخ الكردی محمد امین زكی (مشاهیر الكرد وكردستان)، الجزء الثانی، إعداد رفیق سالح، (16،5 × 23 سم)، 2005، 495ێ.

## حەوتەم: بابەتی مێژوویی هەمەجۆر

1- دکتۆر سەلاح محەمەد سەلیم هروری، عەبدولڕەزاق بەدرخان 1864-1918: ژیان، تێکەلیێن سیاسی، خەباتا چاندی، (14،85 × 21سم)، 2005، 84 ل.
2- الدكتور محمد علی الصویركی الكردی، الاكراد الاردنیون ودورهم فی بناء الاردن الحدیث، (17 × 23،5 سم )، 2005، 186 ل.
3- نوشیروان مستفا امین، حکومت کردستان: کردها در بازی سیاسی شوروی، ترجمه سمایل بەختیار، (16 × 24 سم)، 2005، 302 ل .
4- د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حزبی توودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران (1941-1983)، (14،85 × 21 سم)، 2005، 160ل.
5- ئەنوەر سوڵتانی، لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، (16،5 × 23 سم)، 2006، 289 ل.
6- جەلادەت عالی بەدرخان، لەبارەی کێشەی کوردەوە: سەبارەت بە دوورخستنەوەو بڵاوەپێکردنی کوردان، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (14،85× 21سم)، 2006، 56 ل .
7- شەریف پاشای خەندان، بیرەوەریی بەرهەڵستێک: بەربەرەکانیی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، لەتورکییەوە وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی، (14،85 × 21سم)، 2006، 158ل.

8- عبدالرقیب یوسف، پەیدابوون و دروستکردنی چەکی ئاگردار، (85،14× 21سم)، 2004، ل. 72.

## هەشتەم: سەرچاوەی مێژوویی لەسەر میللەتانی تر و دراوسێ

1- ئارتوور کریستێنسێن، ئێرانی سەردەمی ساسانییەکان، لەفارسییەوە وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، (17 × 24 سم)، 2006، 706ل.

2- جان ر. پێری، کەریم خانی زەند: مێژووی ئێران لەنێوان 1764-1789، لە فارسییەوە وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، ( 17 × 24سم) ، 2005، 685 ل.

## بەرنامە و پلانی داهاتوو:

بنکەی ژین لە بەرنامەو پلانی داهاتوویدا، پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان، گەلێک نەخشە و کاری مەزنی لە بەرنامەدایە، بۆ ئەم مەبەستە مامۆستا ڕەفیق ساڵح ئەحمەد ئەوەی درکاند، هەر لە سەردەمی، کابینەی حکومەتی ئیدارەی سلێمانی بەڕێز کاک "عومەر فەتاح"ەوە پارچەیەک زەوی 1049 م2 بۆ بنکەی ژین تەرخان کراوە و ئێستا نەخشەو دیزاینی بیناکەی تەواو بووە و بە نیازین لە بودجەی ساڵی ئایندەی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان کارەکانی تری جێبەجێ بکرێت، ئەوەش خەمی بنەڕەتیمان لە کۆڵ ئەکاتەوە.

سەبارەت بە چاپکراوەکانی ئایندەشمان ئێستا ئەم بەرهەمانەمان لەژێر چاپدایە.

بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەست ساڵەی کۆماری کوردستان 1946 لە مەهاباد، بنکە بە نیازی لە چاپدانی ئەم بەرهەمانەی لای خوارەیە.

1- (ژ.ک) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤێتیدا، وەرگێڕانی دکتۆر ئەفراسیاو هەورامی لە ڕوسیەوە، پێداچونەوەی سدیق ساڵح.

2- بیرەوەریەکانی "محمەد شاپەسندی" خاوەنی گۆڤاری "ئاوات"، کەسایەتی ناوداری سەردەمی کۆماری کوردستان، ئامادەکردنی سدیق ساڵح.

3- چاپکردنەوە نزیکەی 80 ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان" ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆی 113 ژمارەی سەردەمی کۆمار، لەگەڵ 5 ژمارەی

ڕۆژنامەی "هاوار" ی ئۆرگانی یەکێتیی جەوانانی دیموکراتی کوردستان، کە شەهید سەدیقی ئەنجیری ئازەر سەرنوسەری بووە.

4– چاپکردنەوەی 9 ژمارەی گۆڤاری نیشتمان لەگەڵ دیاریەکانی(ژ.ک)دا.

جگە لەو کتێبانە کۆمەڵێک کتێبی هەمەجۆری تر خراونەتە بەرنامەی ئەمساڵەوە:

1– بەرگی یەک و دووی "خوڵاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان" مامۆستا ئەمین زەکی بەگ.

2– کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پێش زایین، نوسینی کۆزاد محەمەد.

3– هۆز و تیرە و تایفەی کوردستانی ئەردەڵان، نووسینی بە فارسی شوکراللەی سەنەندەجی، وەرگێڕان و ساغکردنەوەی ئەنوەری سوڵتانی.

4– قامیشلی، دوو کتێب لەسەر شاری قامیشلی– ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن کونی ڕەش– محەمەدی مەلا ئەحمەد بە زمانی عەرەبی.

5– ڕاپۆرتی کارگێڕی دەڤەری کەرکوک: ماوەی نێوان 1/1 تا 1919/31، بە زمانی عەرەبی – اسماء جاسم محمد لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە.

6– کتێبێک دەربارەی "حاجی بابەشێخ" یەکەم سەرۆک وەزیرانی کۆماری مەهاباد لە لایەن عومەری فاروقی.

7– مالمیسانژ، کۆمەڵەی تەعاون و تەرقی کورد، وەرگێڕانی زریان ڕۆژهەڵاتی– پیاچونەوەی سدیق ساڵح.

8– نوری ساڵح عەبدوڵڵا، بیرەوەریەکانم لە نێوان بینین و بیستندا، ئامادەکردنی سدیق ساڵح.